**سێیەم :**

جگە لەو داوا و کێشانەی لە بڕگەی دووەمی ئەو (بەیان)ە دا هاتووە ، دادگا بۆی هەیە داوا لەماوەی پشووی دادگاکان ببینێت ئەگەر -:

أ- بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە.

ب- هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن.

ج- داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی.

**چوارەم :**

گشت مامەلەکانی دادگا لەکاروباری ئاسایی خۆیان لەکاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن.

**بنگین قاسم محمد کتانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەیان ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠١٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە(ماددەی شەشەم/ بڕگەی ٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ وە ، بریارماندا بە -:

- کردنەوەی (بنکەی تەندروستی لە گوندی ئەتڵانتیك) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٥ .

**بەیان ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٩**

- کردنەوەی (سەنتەری نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسە) لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی/نەخۆشخانەی هەناوی فێرکاری(شەهید دکتۆر هێمن) لە شوێنی قاوشی(٣)ی ژنان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٠ .

**د. رێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیری تەندروستی**